**وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن**
**ژمارە: ١٨ لە ٢٠٢٥/١/٥**

پاڵپشت بە ماددەی دووەم بڕگەی (چوارەم) و (هەشتەم) لە یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١١، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**ڕێنمایی ئامێرەکانی (جامەر) و (ڕپیتەر)**
**بەشی یەکەم**

**ماددەی (١): پێناسەی دەستەواژەکان**

١- **حکومەت:** حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

٢- **وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن:** وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **یاسا:** یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١١.

٤- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥- **وەزارەتی ناوخۆ:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٦- **ئامێری ڕپیتەر:** (Repeater) (بەهێزکاری شەپۆل)،لە پەیوەندی بێ تەلدا ڕپیتەر ئامێرێکە کە شەپۆلەکان بەهێز و گەورە دەکات و دەیانگوازێتەوە بۆ درێژکردنەوەی ڕووپۆشی تۆڕێکی بێ تەل ئامانجی سەرەکی ڕپیتەر زاڵبوونە بەسەر لاوازبوون (لەدەستدانی هێزی شەپۆل) کە ڕوودەدات کاتێک شەپۆلەکە بە مەودایەک بە هەوادا دەڕوات یان ڕووبەڕووی بەربەستەکانی وەک بینا و زەوی دەبێتەوە.

٧- **ئامێری جامەر:** (Jammer) (پارازێت)، لە پەیوەندی بێ تەلدا، جامەر ئاماژەیە بۆ ئامێرێک یان تەکنیکێک کە بەکاردێت بۆ تێکدان یان دەستوەردان لە کارکردنی ئاسایی شەپۆلە ڕادیۆییەکان. ئامانجی سەرەکی جامەر بریتییە لە دروستکردنی تێکەڵاوبوون لە کەناڵی پەیوەندیکردندا، ئەمەش وا دەکات کە وەرگرتنی شەپۆلە مەبەستدارەکان یان بە شێوەیەکی دروست لەلایەن ئامێرە وەرگرەکانەوە، قورس یان مەحاڵ بێت. بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە بەکارهێنانی جامەر زۆرجار لە زۆرێک لە دەسەڵاتەکانی دادوەریدا نایاساییە و ڕێگەپێدراو نیە، چونکە دەتوانێت ببێتە هۆی دەستێوەردان نەک تەنها لە شەپۆلە ئامانجدارەکان بەڵکو لە خزمەتگوزارییە پەیوەندییە ڕەوا و بنەڕەتییەکانیشدا. بەکارهێنانی بێ مۆڵەتی ئامێرەکانی جامکردن دەتوانێت پەیوەندییەکانی سەلامەتی گشتی، خزمەتگوزارییە فریاگوزاریەکان و سیستەمی گرنگی دیکە تێکبدات. بە شێوەیەکی گشتی ئامێری جامەر بە هەمان لەرەلەری ئامێرەکانی پەیوەندی پەخش دەکات بەڵام بە پاوەرێکی بەرزتر بە مەبەستی نەهێشتنی تۆڕی گەیاندنی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن.

٨- **داواکاری**: پرۆسەی داواکردنی هاوردەکردن یاخود بەکارهێنانی ئامێرەکانی جامەر و ڕپیتەر.

٩- **لایەنی داواکار**:ئەو کەس یاخود لایەنەیە کە داواکاری پێشکەش بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەکات بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی هێنان یاخود بەکارهێنانی ئامێرەکانی جامەر و ڕپیتەر.

١٠- **شوێنی پەخشکردن**: ئەو شوێنەیە کە بەپێی مۆڵەت لایەنی مۆڵەتپێدراو ڕێگەی پێدراوە بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانی جامەر و ڕپیتەر.

١١- **لەرەلەر**: کۆئەنجامی تەزووی کارەبای گۆڕاو (معدل التيار المتناوب الكهربائي)، کە بە یەکەی (Hz) هێرتز پێوانە دەکرێت، و بەکاردەهێنرێت لە (شەبەنگی لەرەلەری ڕادیۆیی) (الطيف الترددي الراديوي).

١٢- **هێرتز** (Hz): یەکەی پێوانەی لەرەلەر .

١٣- **وات** (Watt): یەکەی پێوانەی توانای (پاوەری) پەخشکردن.

١٤- (dB): یەکەیەکی لۆگاریتمیە بۆ پێوانەی توانا (پاوەر) .

١٥- **تاوەر**: بەشێوەیەکی گشتی، هەڵگرێکی کانزاییە لەسەر زەوی یاخود باڵەخانە دادەمەزرێت بۆ هەڵگرتنی ئەنتێناکان و (دیش) صەحنەکانی (Dish)، بە بەرزی و قەبارە و جۆری جیاجیا. تاوەری گەیاندن دەکرێت بەشێوەی هەمیشەیی یاخود گەڕۆک بێت.

١٦- **ئەنتێنا**: ئامێرێکە بۆ ناردن و وەرگرتنی شەپۆلەکانی کارۆموگناتیسی.

١٧- **پاوەری پەخش**: بریتیە لە هێزی پەخشکردنی شەپۆلی ڕادیۆیی کە لە ئەنتێنا و وێستگەیەکی پەخشکردن دەردەچێت. بە شێوەیەکی گشتی بە وات دەپێورێت و گەیشتن و هێزی شەپۆلی پەخش دیاری دەکات. بڕی پاوەری پەخش پێویستە لەچوارچێوەی ڕێنماییەکانی (IEEE) و (WHO) و (ICNIRP)دا بێت و ڕەچاوی ڕێژەی ڕێپێدراوی بڕی پاوەری پەخش بکرێت کە لە ئەنتێناکانەوە دەردەچێت یاخود دەگاتە جەستەی مرۆڤ.

١٨- **لیژنەی باڵا:** بریتیە لەو لیژنەیەی کە لە وەزارەت پێکدێت بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری گشتی پۆستە و گەیاندن و ئەندامێتی دوو فەرمانبەری وەزارەت. ئەرکی ئەم لیژنەیە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەکانی بەدواداچوون و داواکاری کۆمپانیا و لایەنەکان، هەروەها دیراسەکردن و بڕیاردان لەسەر فۆرمی تایبەت بە داواکاری هاوردەکردن و بەکارهێنانی ئامێرەکانی جامەر و ڕپیتەر.

١٩- **لیژنەی بەدواداچوون**: ئەو لیژنەیەیە کە کاری سەرەکی بریتیە لە بەدواداچوونی ئەو کێشانەی کە بەهۆکاری هەبوون و بەکارهێنانی ئامێرەکانی (جامەر و ڕپیتەر) دروست بووە. هەروەها دۆزینەوەی شوێنەکانیان و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لە بەرامبەر بەکارهێنەران و فرۆشیاران و سەرپێچیکاران بەپێی ئەو خاڵانەی کە دیاریکراون لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییەدا. ئەم لیژنەیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن پێکدەهێنرێت لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان کە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆستە و

گەیاندنی سەر بە وەزارەتی تێدایە، وە ئەندامێتی (لایەنە پەیوەندیدارەکان) کە هەر یەکێک لە پۆلیس و ئاسایش و نوێنەری کۆمپانیاکانی (پەیوەندی و ئینتەرنێتی) تێیدا بەشدار دەبن، ئەم لیژنانە ساڵانە نوێ دەکرێنەوە.

٢٠- **مۆڵەتی (هێنان و بەکارهێنان):** وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە فەرمانێکی وەزاری لیژنەیەکی جێگر لە کەسانی شارەزا پێکدەهێنێت بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن کە لەڕێگەی ئەم لیژنەیەوە لە پاش دیراسەکردنی داواکاری پێشکەشکراو بڕیار دەدرێت لەسەر پێدانی مۆڵەت یان ڕەتکردنەوەی (هێنان یاخود بەکارهێنان)ی ئامێرەکانی جامەر و ڕپیتەر. داواکاری پێشکەشکراو لەلایەن لیژنەی ئاماژەپێکراو هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت بەپێی بڕگە و ماددەکان کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

٢١- **دۆسیەی زانیاری ئامێرەکان:** بەشێکی تایبەتە لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کە زانیاری تەواوی سەرجەم ئامێرەکانی (جامەر و ڕپیتەر)ی تێدا هەڵدەگیرێت کە مۆڵەتپێدراوی فەرمین لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن. هەر ئامێرێک بەدەر بێت لە زانیاری ڕێپێدراو و ئەرشیفکراو بەبێ مۆڵەت ئەژمار دەکرێت و ڕێکاری پێویست دەگیرێتەبەر بە دەست بەسەرداگرتن و پێبژاردن.

**بەشی دووەم: مەرج و ڕێکارەکانی مۆڵەت**

**ماددەی (٢): مەرج و ڕێکارەکانی مۆڵەتدانی ئامێری جامەر**

**یەکەم: مەرجەکانی هێنان و بەکارهێنانی ئامێری جامەر:** بە شێوەیەکی گشتی هێنان و بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەم ئامێرەوە قەدەغەیە و ڕێگاپێنەدراوە، تەنها ئەو ئامێرانە نەبێت کە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لەپاش دیراسەکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بڕیار لەسەر هێنان و بەکارهێنانی دەدرێت.

**دووەم: ڕێکارەکانی مۆڵەتدان ئامێری جامەر:** مۆڵەتی بەکارهێنانی ئامێری جامەر تەنها بۆ حاڵەتی تایبەتە، ئەوەش بە مەرجی ڕەزامەندی هەردوو (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و وەزارەتی ناوخۆ)، کە پێویستە پێشوەخت ڕەزامەندی وەربگیرێت و تەواوی تایبەتمەندی ئامێرەکان بدرێت بە هەردوو وەزارەت پێش هاوردەکردنی، وەکو (کۆمپانیای دروستکەری ئامێر، تایبەتمەندی ئامێر، ژمارەی تایبەتی هەر ئامێرێک (Serial Number). پێویستە ئامێرەکان لە (دۆسیەی زانیاری ئامێرەکان) زانیاریان هەبێت و تۆمار بکرێن، هەروەها ڕەزامەندی هەردوو وەزارەتی ئاماژەپێدراو وەربگیرێت لەسەر شوێن و کاتی بەکارهێنانی ئامێرەکان، تەنها لەو کاتانەدا بەکاربهێنرێن کە مۆڵەتی بۆ وەردەگیرێت کە ئەوەش دەبێت (کات و هۆکارەکە) زۆر پێویست بێت و ڕێگەپێدراو بێت بە فەرمی لەلایەن هەردوو وەزارەتەوە، هەروەها لەکاتی بەکارنەهێنانی شوێنی هەڵگرتنیان پارێزراو بێت، گرنگترین ڕێکارەکانی مۆڵەت بریتیە لە:

١- لایەن و کەسی داواکار پێویستە بە گوێرەی فۆرمی ژمارە (یەک)ی هاوپێچکراو، داواکاری پێشکەش بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بکات، لەگەڵ پێشکەشکردنی هۆکاری بەکارهێنان و کات و شوێنی بەکارهێنانی، لەگەڵ دیاریکردنی شوێنی هەڵگرتنی لە پاش بەکارنەهێنانی.
٢- دیراسەکردنی داواکاریەکە لەلایەن لیژنەی مۆڵەتەکان دیراسە دەکرێت بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر داواکاریەکە بە ڕەزامەندی هێنان و بەکار هێنان یاخود ڕەتکردنەوەی، کە پێویستە لە ماوەیەکدا وەڵام بدرێتەوە کە لە پازدە (١٥) ڕۆژی کارکردن تێپەڕ نەکات.
٣- لەپاش دیراسەکردن ئەگەر ڕەزامەندی درا لەسەر داواکاریەکە، بە نوسراو داواکاریە کە ئاڕاستەی لایەنی ئەمنی و پەیوەندیدار دەکرێت بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی هێنان و هاوردەکردنی ئامێرەکان.
٤- لەپاش وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی، زانیاری ئامێرەکە ئەرشیف دەکرێت لە دۆسیەی زانیاری ئامێرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن، وە نوسراو دەکرێت بۆ وەزارەتی دارایی (گومرگ و دەروازە سنوریەکان) بە مەبەستی هاوردەکردنی ئامێرەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، هاوکات زانیاری پێویست دەدرێت بە لیژنەی بەدواداچوون بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ شوێن و کاتی کارکردن و هەڵگرتنی ئامێرەکان، هەروەها وێنەیەک بۆ کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینتەرنێت دەنێردرێت بە مەبەستی زانیاریان لەسەر شوێنی ئامێری جامەرەکە.

**ماددەی (٣): مەرج و ڕێکارەکانی مۆڵەتی ئامێری ڕپیتەر**

**یەکەم: مەرجەکانی ئامێری ڕپیتەر:** مەرجەکانی پێویست کە دەبێت لە ئامێری ڕپیتەر هەبێت ئەمانەی خوارەوەن:
١- ئامێرەکە توانای تەنها هەڵبژاردنی یەک چەناڵی هەبێت (Selective Channel).
٢- پێویستە فلتەرێکی تەواو و تیژی هەبێت،(Sharp Filter)،واتە هیچ شەپۆلێک یاخود هارمۆنیکێک بوونی نەبێت و نەچێتە دەرەوەی ئەو چەناڵەی کە بۆی دیاریکراوە کە کاری لەسەر بکات.
٣- پێویستە توانای کۆنترۆڵی پاوەری هەبێت، (Support Power Control Algorithm).
٤- ئامێرەکە ئاستی (Noise Figure)ی لە (١٤dB) زیاتر نەبێت.
٥- لەرەلەرەکان (Frequency) ڕێگا پێدراوبێت کە بەپێی تۆڕەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت بن.
٦- کۆمپانیا فەرمیە مۆڵەتپێدراوەکانی (مۆبایل و ئینتەرنێت) دەتوانن لەسەر داواکاریان ئامێری ڕپیتەر دروست بکەن لە کۆمپانیا ڕێگەپێدراوە جیهانیەکان، بە ڕەچاوکردنی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیا و تەنها لەسەر ئەو فریکوێنسی و باندەی کە مۆڵەتیان هەیە خزمەتگوزاریەکانی گەیاندن پێشکەش بکەن ئەمەش پێویستە پێشوەخت لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داواکاری بێت بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کە تیایدا سەرجەم هۆکار و پێداویستیەکان ڕوون کرابێتەوە، لە پاش هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەیان لەلایەن لیژنەی باڵا لە وەزارەت، بڕیار لەسەر داواکاریەکە دەدرێت لە ماوەیەک کە لە پازدە (١٥) ڕۆژی کارکردن تێپەڕ نەکات.

**دووەم: ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی هێنان و بەکارهێنانی ئامێری ڕپیتەر بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەبێت:**

١- لایەنی داواکار پێویستە داواکاریەک پێشکەش بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بکات بەگوێرەی فۆرمی ژمارە (دوو)ی هاوپێچ کراو، کە تێیدا سەرجەم زانیاریە پێویستەکان تایبەت بە ئامێرەکە دەخاتەڕوو.

٢- داواکاریەکە لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندن و مۆڵەتەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن دیراسە دەکرێت بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر داواکاریەکە بە ڕەزامەندی هێنان و بەکار هێنان یا خود ڕەتکردنەوەی، کە پێویستە لە ماوەیەکدا وەڵام بدرێتەوە کە لە پازدە (١٥) ڕۆژی کارکردن تێپەڕ نەکات لە پاش دیراسەکردن ئەگەر ڕەزامەندی درا لەسەر داواکاریەکە، نوسراو ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیداری ئەمنی دەکرێت بە مەبەستی وەرگرتنی ڕایان سەبارەت بە هێنان و هاوردەکردنی ئامێرەکان.

٣- لە پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی و دیاریکردنی (ناونیشان و شوێن) زانیاری تەواوی ئامێرەکە تۆمار و ئەرشیف دەکرێت لە (دۆسیەی زانیاری ئامێرەکان) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن بۆ هەر دانە ئامێرێک (ستیکەرێکی) تایبەت بە خۆی دەخرێتەسەر کە زانیاری تەواوی ئامێرەکەی تێدا دادەنرێت، هاوکات زانیاری پێویست دەدرێت بە لیژنەی بەدواداچوون بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ شوێن و کاتی کارکردن و هەڵگرتنی ئامێرەکان.

٤- لە پاش تۆمارکردن و ئەرشیفکردنی ئامێرەکان لە (دۆسیەی زانیاری ئامێرەکان) بەپێی جۆری داواکاریەکەی (هاوردە)یە یاخود (بەکارهێنان) نوسراو دەکرێت بۆ لایەنی پەیوندیدار بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری پێویست و هەماهەنگی.

أ- ئەگەر داواکاریەکە بە مەبەستی (هێنان و هاوردەکردن) بوو، نوسراو دەکرێت بۆ وەزارەتی پەیوەندیدار، وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری (گومرگ و دەروازە سنوریەکان) بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ هاوردەکردنی ئامێرەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان.

ب- ئەگەر داواکاریەکە بە مەبەستی (بەکارهێنان) بوو نوسراو دەکرێت بۆ لایەنی ئەمنی و لیژنەی بەدواداچوون بە مەبەستی زانیاری و پشکنینی ئامێرەکە پێش دانان و بەکارهێنانی، وە دانانی ستیکەری تایبەت لەسەر ئامێرەکە هەر وەک لە خاڵی سێی ئەم بڕگەیەدا ئاماژەی پێکراوە، هەروەها وێنەیەک بۆ کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینتەرنێت ڕەوانە دەکرێت بە مەبەستی زانیاریان دەربارەی شوێنی ئامێری ڕپیتەرەکە.

٥- ئامێری ڕپیتەری مۆڵەتپێدراوی ستاندەرد تەنها بۆ ئەو شوێنەیە کە مۆڵەتەکەی بۆ وەردەگیرێت، بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت ئامێرەکە لە شوێنێکی تر بەکاربهێنرێت، بە پێچەوانەوە ئامێرەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت و خاوەنەکەی توشی پێبژاردنی دارایی دەبێت.

٦- هەر ئـامێرێکی ڕپیـتـەر ئەگەر سـتاندەردیش بێـت بەڵام مـۆڵەتی فەرمـی لیـژنەی مۆڵەتەکـانی نەبێـت، ئەوا لەلایەن لیـژنەی بەدواداچـوون دەسـتی بەسـەردا دەگیرێـت و بەڕێکـاری یاسـایی لەناودەبرێـت، وە خـاوەنەکەی ڕووبەڕووی پێبژاردنـی دارایـی دەبێـت بەپێـی بـڕی دیـاریکراو لە خشتەی پێبژاردن لەم ڕێنماییە.

٧- لە کاتی نەبوونی تـۆڕی گەیانـدنی کۆمپانیـایەک لە نـاوچەیەکی دیـاریکراو، کە بەهـۆیەوە ئـامێری ڕپیتەر بەکاردەهێنرێت، ئەم ڕێکارانە دەگیرێتەبەر:

أ-لیـژنەی بەدواداچـوون لە دوای گـرتنەبەری ڕێکـاری پێویسـت بە کـوژانەوە و دەستبەسـەرداگرتنی ئامێری ڕپیتەری ئەو ناوچەیە ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە وەزارەت دەکەن.

ب- بە نوسراوی فەرمی وەزارەت کۆمپانیای پەیوەندیـدار ئاگـادار دەکرێتەوە کە لە مـاوەی (حەوت) ڕۆژی کارکردن بەدواداچوونی وورد بکات و لەو ماوەیەدا ڕێگا چارەیەکی بۆ دیاری بکات.

ج- پێویستە کۆمپانیا بە نوسراوی فەرمی هۆکاری کێشەکە و ڕێگا چارەکەی پێشکەش بکات.

د- بەڵام ئەگەر لەو مـاوەیەدا کێشـەکە چارەسـەر نەکـرا، ئەوا پێویسـتە کۆمپانیـای ڕاسـپێردراو بـۆ چارەسەری گرفتەکە بەپێـی پلانـی کۆمپانیایـان مـاوەی پێویسـتی چارەسـەرەکەی دیـاری بکات و بیخاتە بەردەستی وەزارەتی گواستنەوە و گەیانـدن و لیـژنەی بـاڵا و بەدواداچـوون، (بە مەرجێـک ماوەکە لە یەک ساڵ زیاتر نەبێت)، (ڕوونکردنەوەی تەواو پێشکەش بکات سـەبارەت بەو مـاوەیەی کە پێشنیاری دەکات بۆ چارەسەری گرفتەکە بە بەڵگەی پێویستەوە)، تاوەکو بڕیاری لەسەر بـدەن و چاودێری ماوەی دیاریکراوەکەیان بکەن کە پێشکەشیان کردووە.

ه- ئەگەر کۆمپانیا لەو ماوە دیاریکراوەی کە پێشکەشیان کردووەو وەزارەت ڕەزامەنـدی لەسـەر داوە کێشەکە چارەسەرنەکەن ، بەبێ بوونی هـیچ بەربەسـتێکی دەرەکـی (قـوة قـاهرة)، ئەوا کۆمپانیـای ڕاسـپێردراو بـۆ چارەسـەری گرفتـی نەبـونی شـەبەکە بە کەمـتەرخەم دادەنرێـت و ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی و پێبژاردنی دارایی دەبێت بەپێی بڕی دیاریکراو لە خشتەی پێبژاردنەکان.

**سێیەم:** لە کاتی ڕەزامەندیدان بۆ بەکارهێنانی ئامێرێکی ڕپیتەر لە شوێنێکی دیاریکراو، پێویستە تەنها لە ڕێگەی تیمی تەکنیکی کۆمپانیای پەیوەندیدارەوە جێبەجێ بکرێت کە کێشـەی لاوازی تـۆڕی هەیە، یاخود بۆ بەهێزکردنی تۆڕەکەیان پێویستیان پێیەتی.

### بەشی سێیەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەکان

### ماددەی (٤): ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەی باڵا و لیژنەکانی بەدواداچوون

**یەکەم:** لیژنەی باڵا لە وەزارەت، بڕیاری پێویست دەردەکات لە پاش دیراسەکردنی ڕاپـۆرتی لیژنەکـانی بەدواداچوون لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، هەروەها بڕیاردان لەسەر داواکاریەکـانی تـایبەت بە ئامێرەکانی جامەر و ڕپیتەر، هاوکات ئاڕاستەکردنی نوسراو بۆ سەرجەم کۆمپانیـا و لایەنەکـان لە ڕێگەی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پۆسـتە و گەیانـدن بـۆ بابەتەکـانی پەیوەندیـداری ئامێرەکـانی جامەر و ڕپیتەر.

**دووەم:** لیـــژنەی بەدواداچـــوون بەپێــی مـــاوەی پێشکەشـــکراو کە لەلایەن کۆمپانیـــاکەوە دیاریکراوە بۆ چارەسەری کێشەکە هەروەک لە (ماددەی سێیەم، بڕگەی دووەم، خاڵی حەوتەم)دا لە ئامـــاژەی پێکـــراوە، ڕەچـــاوی مـــاوەکە دەکـــات تـــاوەکو کێشـــەکە بە یەکجـــاری چارەسـەر بکرێـت وە لەهەمـان کاتـدا ڕێگەچـارەیەکی خێـرا دەستنیشـان دەکـات و بڕیـاری لەسـەر دەدات بـۆ ئەوەی کە هاوڵاتیـانی ئەو نـاوچەیە بەبـێ کێشـە بەکـوالیتی گونجـاو هێڵـی گەیاندنیان هەبێت.

**سێیەم:** لیژنەی بەدواداچوون بە مەبەستی جێبەجێکردنی بـڕگەی یەکەم لەم مـاددەیە، بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگە چارەیەکی خێرا بەپێی پلەبەندی تاوەکو ڕێگا چـارەی یەکجـارەکی دەکرێـت، بە هەمـاهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی پەیوەندی و کۆمپانیای خاوەن کێشە ئەم هەنگاوانە دەگرێتەبەر:

١- ئەگەر پێویست بە زیادکردنی ئەنتێنا و سێکتەری نوێ یان گۆڕانکاریکردنی سێکتەری کۆمپانیاکان بێت، کۆمپانیا دەبێت ڕێکاری تەکنیکی گونجاو ئەنجام بدات.

٢- ئەگەر پێویست بە دانانی ڕپیتەری ستاندەرد بکات بە ڕەچاوکردنی خاڵی چـوارەمی بـڕگەی دووەم لە مـاددەی سـێیەمی ئەم ڕێنمـایە، ڕەزامەنـدی بـۆ وەردەگیرێـت، بە سەرپەرشـتی ئەنـدازیاری ڕێپێدراوی کۆمپانیای پەیوەندیەکان ئامێرەکەی بۆ دادەنرێت.

٣- ئەگەر پێویست بە دابینکردنی سیمکارتی کۆمپانیایەکی تری بێ کێشە بکات تاوەکو ئەو مـاوەیەی کە کۆمپانیای خاوەن کێشە تۆڕەکەی خۆی چارەسـەردەکات، لیـژنەکە پێشنیار دەخـاتە بەردەسـتی هاوڵاتیەکە تاوەکو یەکێک لە سیمکارتی کۆمپانیاکانی تری پەیوەندی دیاریبکـات کە کێشـەی تـۆڕی نییە، کۆمپانیاکە سیمکارتێکی تایبەتی بۆ دابین بکات.

٤- ئەگەر ڕێگا چارەیەکی گونجاو هەبوو پـێچەوانەی بڕگەکـانی ئەم ڕێنمـاییە نەبێـت و گونجاوبێـت، لە پـاش دیراسـەکردن لەلایەن لیـژنەی بەدواداچـون بە ئامـادەبوونی نـوێنەرانی کۆمپانیاکـانی پەیوەندی بڕیاری لەسەر دەدەن.

**چـوارەم:** لە پـــاش دیراســـەی لیـــژنەی بەدواداچـــوون و لەکـــاتی پێویســـتی بە دانـــانی تـــاوەری گەڕۆک یاخود تاوەری جێگری ئەو کۆمپانیایە کە تـۆڕی لاوازی هەیە، لەگەڵ کـارە پێویسـتەکانی کۆمپانیـا بەپێـی پلانـی ناوخۆییـان، لەلایەن وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن نوسـراویان بـۆ دەکـات بـۆ لایەنـی پەیوەندیـداری (ئەمنـی) بەمەبەسـتی وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی، تاوەکو ماوەی (یەک مانگ) چـاوەڕێ دەکرێـت، ئەگەر لەو مـاوەیەدا هـیچ وەڵامێـک نەبـوو، ئەوا تەنهـا ئەو تـاوەرەی کە نوسـراوی بـۆ کـراوە بە ڕەزامەنـدی ئەژمـار دەکرێـت و ڕێـگە بە کۆمپانیـا دەدرێت کە دایبمەزرێنێت، ئەمەش لە پێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتی و چارەسـەری گرفتـی نەبـونی تۆڕی پەیوەندی.

### بەشی چوارەم: کرێی خزمەتگوزاری و پێبژاردن و سزاکان

**ماددەی (٥): کرێی خزمەتگوزاری و پێبژاردن و سزاکان**

**یەکەم: سزاکان:** بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە دراوە بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە یاسایی ژمارە (١٩) ی ساڵی (٢٠١١) بۆ ڕێکخستنی کەرتی گەیاندن لە سنوری هەرێمی کوردستان، و بە مەبەستی دانانی میکانیزمێکی ڕوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە (هاوردەکردن، فرۆشتن، بەکارهێنانی) ئامێرەکانی جامەر و ڕپیتەر دەکەن و دەرفەتیان پێبدرێت بۆ ڕاستکردنەوەی بواری یاساییان بە شێوەیەک کە بەدەر یاخود پێچەوانەی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی گوستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبن، بۆ ئەم مەبەستە، ئەم ڕێکارانە دانراون بەرامبەر ئەو لایەنانەی کە سەرپێچیکارن. لەم ماددەیەدا ئەو پێبژاردنانە دەستنیشانکراوە بەرامبەر هەر جۆرێکی سەرپێچی. هاوکات، کرێی کەشف دانراوە بەرامبەر ئەو کارەی کە لەلایەن لیژنەکانەوە ئەنجامدەدرێت بۆ کەشفکردنی ئامێرەکان.

**دووەم: ڕێژەی وەزارەت لە داهات:** لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەژمارێکی بانکی دەکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن. بڕی ئەو داهات و پێبژاردنانەی کە بەدەست دێت بەم شێوەیە خەرج دەکرێت:

- ڕێژەی لەسەدا سی (٣٠٪) خەرج دەکرێت بە شێوەی هاندان بۆ لیژنەکانی بەدواداچوون و مۆڵەتدان، هەروەها بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان بە ڕەزامەندی وەزارەت.
- ڕێژەی لەسەدا حەفتا (٧٠٪) دەچێتە خەزێنەی وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: لیستی جۆری سزا و بڕی پێبژاردنەکان**

| ز | بابەت | بڕ بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١- | فرۆشتن و بازرگانیکردن بە ئامێری (جامەر یاخود ڕپیتەر) کە ڕێگاپێدراو نین و بەپێی ستاندەرد دروست نەکراوان، (بۆ هەر یەک دانە ئامێر). | ١,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢- | بەکارهێنانی ئامێری (جامەر یاخود ڕپیتەر) کە ڕێگاپێدراو نین و بەپێی ستاندەرد دروست نەکراوان، (بۆ هەر یەک دانە ئامێر). | ١,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٣- | بەکارهێنانی ئامێرەکانی (جامەر یاخود ڕپیتەر) کە بەپێی مەرجەکان ڕێگاپێدراون بەڵام تۆمارنەکراون، زانیاریان نییە لە (دۆسیەی زانیاری)، (بۆ هەر یەک دانە ئامێر). | ١,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٤- | فرۆشتن و بازرگانیکردن ئامێرەکانی (جامەر یاخود ڕپیتەر) کە بەپێی مەرجەکان ڕێگاپێدراون بەڵام تۆمارنەکراون، زانیاریان نییە لە (دۆسیەی زانیاری)، یاخود ستیکەری زانیاری پێوەنەبێت، (بۆ هەر یەک دانە ئامێر). | ١,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٥- | بەکارهێنانی ئامێرەکانی (جامەر یاخود ڕپیتەر) کە بەپێی مەرجەکان ڕێگاپێدراون و تۆمارکراون، زانیاریان هەیە لە (دۆسیەی زانیاری)، بەڵام لەشوێنی تر بەکاردەهێنرێت، (بۆ هەر یەک دانە ئامێر). | ١,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٦- | پابەند نەبوونی کۆمپانیای پەیوەندی بە چارەسەری گرفتی نەبوونی شەبەکە لە سنوری دیاریکراو لەو ماوەیەی کە وەزارەت پەسەندی کردووە. | ١,٠٠٠,٠٠٠ |

**چوارەم: کرێی خزمەتگوزاری کەشف**

| ز | بابەت | بڕ بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١- | کرێی خزمەتگوزاری کەشفکردن (اجور کشف) بۆ ئامێری جامەر یاخود ڕپیتەر بۆ هەر یەک فۆرمی داواکاری لە لایەن لیژنەی بەدواداچوون. | ٥٠,٠٠٠ |

## بەشی پێنجەم: حوکمە گشتیەکان

**ماددەی (٦):**

هەر ئامێرێکی ڕپیتەر سەرجەم مەرجەکانی بڕگەی یەکەم لە ماددەی سێیەمی تێدانەبێت، ئەوا بەئامێرێکی ناستاندەرد ئەژمار دەکرێت، وە ڕێگە نادرێت بە هیچ شێوەیەک بەکاربهێنرێت، لە هەر شوێنێک هەبێت دەستی بەسەردا دەگیرێت و خاوەنەکەی توشی پێبژاردنی دارایی دەبێت.

**ماددەی (٧):**

هەر ئامێرێکی ڕپیتەر سەرجەم مەرجەکانی بڕگەی یەکەم لە ماددەی سێیەمی تێدا نەبێت ناستاندەردە، لەسەرجەم دەروازەکان ڕێگا پێدراو نییە کە هاوردە بکرێت.

**ماددەی (٨):**

هیچ ئامێریکی ڕپیتەر ڕێگە نادرێت لە دەروازەکانەوە هاوردەبکرێت ئەگەر سەرجەم مەرجەکانی بڕگەی یەکەمی لە ماددەی سێیەمی ئەم ڕێنماییەی تێدابێت، تاوەکو پێشوەختە خاوەنەکەی ڕەزامەندی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکانی لەسەر وەرنەگرتبێت.

**ماددەی (٩):**

بەکارهێنانی ئامێری جامەری بێ مۆڵەت لەلایەن هاووڵاتیان بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە و لە هەر جێگەیەک هەبێت لەلایەن لیژنەی بەدواداچوون دەستی بەسەردا دەگیرێت و خاوەنەکەی توشی پێبژاردنی دارایی دەبێت، بەگوێرەی ئەو بڕەی کە لەم ڕێنماییەدا دیاریدەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

هاوردەکردن و هێنانی ئامێری جامەر بۆ ناو هەرێمی کوردستان قەدەغەیە و ڕێگەپێنەدراوە بە بێ هەبوونی ڕەزامەندی (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و وەزارەتی ناوخۆ) و لە سەرجەم دەروازە سنوریەکاندا ڕێگە نادرێت کە ئەم جۆرو ئامێرانە هاوردە بکرێن.

**ماددەی (١١):**

هەر کەس بازرگانی بە ئامێری جامەرەوە بکات و هاوردەی بکات یاخود کڕین و فرۆشتنی پێوە بکات، کە کارێکی قەدەغەکراوە، کەس و لایەنی سەرپێچیکار، سەرەڕای دەست بەسەرداگرتنی ئامێرەکان، توشی پێبژاردنی دارایی دەبێت.

**ماددەی (١٢):**

هەرکەس و لایەنێک ئامێری جامەر یاخود ئامێری ڕپیتەر، (بەکاربهێنێت بە بێ مۆڵەت) کە کارێکی قەدەغەکراوە، سەرەڕای دەست بەسەرداگرتنی ئامێرەکان، لایەن و کەسی سەرپێچیکار توشی پێبژاردنی دارایی دەبێت.

**ماددەی (١٣):**

سـەرجەم ئامێرەکـانی دەسـت بەسـەرداگیراو لەلایەن لیـژنەوە لەنـاو دەبـرێن بە تەواوی و بەڵگەی لەناوچوون و کۆنوس پێشکەش بە هەردوو وەزارەتی (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و وەزارەتـی ناوخۆ) دەکرێت.

**ماددەی (١٤):**

وەزارەت دەتوانێت هەر ئامێرێکی ڕپیتەری ڕێگەپێـدراو بـۆ مـاوەیەکی کـاتی ڕابگرێـت بە مەبەسـتی پشکنین و تێستکردن.

**ماددەی (١٥):**

هیچ کۆمپانیا و لایەنێک بۆی نیە بە بێ ڕەزامەندی پێش وەختـەی وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن هیچ ئامێرێکی ڕپیتەر یاخود جامەر بفرۆشێت.

**ماددەی (١٦):**

سەرجەم لایەنی پەیوەندیـدار لە ئاسـایش و پـۆلیس هاوکـار دەبـن لە جێبەجێکردنـی بڕگەکـانی ئەم ڕێنماییە تـایبەت بە پشـکنین و گەڕان بـۆ دۆزیـنەوەی ئـامێری بـێ مـۆڵەت و دەسـت بەسـەرداگرتنی. هەروەها، دادگاکان لە بابەتی لێپێچینەوە و پێبژاردنی سەرپێچیکاران.

**ماددەی (١٧):**

ئەم ڕێنمـاییە جێبەجـێ دەکرێـت لە پـاش (٣٠) سـی ڕۆژ لە دوای دەرچـوونی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقایعی کوردستان).

**انو جوهر عبدالمسیح عبدوکا**
**وەزیری گواستنەوە و گەیاندن**